# سروودێك بۆ ئاشتی

**کاوەی خەسرەو کاوانی**



رقم لە تێکدان و جەنگە
رقم لە ژێر دەستی یە
حەزم لە ئاوەدانی و
سروودی سەربەستی یە

⋆ ⋆ ⋆

رقم لە خوێن رشتن و
مۆمبا و دەنگی تفەنگە
حەزم لە ئاشتی و ئارامی و
دووری لە وێرانی جەنگە

⋆ ⋆ ⋆

وەرن پێکرا پەیامی عیشق
بۆ جیهان بکەینە بەیداخ
خۆشەویستی بیشواتەوە
هەست و بیرو دەروون وناخ

⋆ ⋆ ⋆

وەرن هەموو هەنگاوبنێین
روو لە تیشکی جوانی خۆرکەین
سەری تاریکی ونەزانی و
تۆقان ,کوشتن , تیرۆر شۆڕ کەین

⋆ ⋆ ⋆

تەنیا ئاشتی گرەوی ژین
بەسەربەرزی دەباتەوە
ووشەی ئاشتی تۆڵەی هەموو
وێرانیەکان دەکاتەوە

⋆ ⋆ ⋆

چەندە خۆشە,کۆتری ئاشتی
باڵ بکێشێ بەسەر جیهان
خۆشەویستی رەگ داکوتێ و
بکرێت بەلانەو نیشتمان .